ئەگەر سوجدەت برد؛ ئەوا ناولەپەکانت (لەسەر زەوی) دابنێ، وئانیشکەکانت بەرز بکەرەوە

لە بەڕائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر سوجدەت برد؛ ئەوا ناولەپەکانت (لەسەر زەوی) دابنێ، وئانیشکەکانت بەرز بکەرەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سیفەت وچۆنیەتی دانانی دەستەکان ڕوونەدەکاتەوە لەکاتی سوجدە بردن لە نوێژدا: دەبێت پەنجەکانی دەستەکان پێکەوە بلکێنرێن ولەپی دەستەکان لەسەر زەوی بن بەرەو ئاراستەی قیبلە، ودەبێت ئانیشکەکان بەرز بکرێنەوە لەئاستی زەوی وجوت نەکرێن بە لا تەنیشتەکانی لاشەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10927